# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7–2000

ژمارە (225) یەکشەممە 8-3- 2009


## مالکی داوای ئاشتبوونەوە لە بەعسیەکان دەکات

لە هەژدەهەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی باشووری کوردستاندا، نوری مالکی لەجیاتی پیرۆزبایی لە کوردستانیان بکات، داوای ئاشتبوونەوەی لە هاوکارانی سەدام و ئەندامانی حزبی بەعس کرد.

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە نوری مالکی لە ژێر پاساوی ئەوەی کە توندوتیژیەکان کەم بوونەتەوەو عێراق بەرەو یەکێتی سیاسی هەنگاو دەنێ، داوای لە هاوکارانی سەدام کردووە بەشداری لە ئاشتبوونەوە گشتیدا بکەن.

مالکی بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێزو تواناکان، ئامادەیی خۆی بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ ڕاگەیاندووە.


ل3

فەرمانی دەستگیرکردنی سەرکۆماری سودان کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە





ل4

فێرخوازانی کۆلێژی پەروەردەی گەلار باس لە کێشەکانیان دەکەن





ل5

ئینگمەر کارلسۆن لە (کوردستان: ئەو وڵاتەی کە نییە)دا قۆپیەی کردووە





ل6

جەوهەری هونەر لە هونەرمەند (کاروان عوسمان)دا




# ڕەفسەنجانی سەردانەکەی دوادەخات و هاتنیشی ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی کۆمەڵەی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران و سەرۆکی ئەنجوومەنی خوبرەگان، سەردانەکەی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دوا خستووە، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش دواخستنەکەی بۆ سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ وڵاتانی ئەوڕوپا دەگێڕنەوە.

هاشمی ڕەفسەنجانی سەرکردەو کەسایەتی ناسراوی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئێستا سەردانی عێراقی کردووە، بەنیاز بوو سەردانی کوردستانیش بکات و لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کۆببێتەوە، بەڵام دوێنی شەممە لە کاتێکدا کە ڕەفسەنجانی سەردانی نەجەفی دەکرد، ئاشکراکرا کە سەردانەکەی بۆ هەولێر دوا دەخات.

لەلایەکی دیکەشەوە بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە هاتنی بۆ باشووری کوردستان بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوەو داوایان کردووە کە پێشوازی لێنەکرێ، بەوەش تۆمەتباریان کردووە کە ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتنی تیرۆرکردنی سەکردە کوردەکاندا و تۆپبارانکردنی کوردستاندا هەبووە. دیداریشی لەگەڵ بەرپرسان زیان بەدۆزی کورد دەگەیەنێ.

## دوای هەفتەیەکی ڕۆشنبیری،کەمپینێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەندرێ

دوای ئەوەی لە هەفتەیەکی ڕۆشنبیریدا، پرسی چارەنوسی کوردستان تاوتوێکرا، کەمپینێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەنرا.

لە ڕۆژانی 2/22 تا 2/28 کۆمەڵێک سەربەخۆییخواز بە ناونیشانی "ئێمە و ئەوان.. پێکەوە ژیان یان جیابوونەوە لە عێراق" هەفتەیەکی ڕۆشنبیریان سازدا کە تیایدا 12 سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆشنبیر باسەکانیان سەبارەت بەو پرسە خستە ڕوو، نزار محەمەد ڕێکخەری هەفتە ڕۆشنبیرییەکە بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند: 'یەکەمین جارە دوای 90 ساڵ لە لکاندنی باشووری کوردستان بە عیراقەوە هەفتەیەکی ڕۆشنبیری سیاسی و فکری بۆ مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان بسازێندرێ' هەروەها وتی: ' ئامانجمان لەم هەفتە ڕۆشنبیرییە ئەوە بوو لەڕێگەی وەرگرتنی بۆچوونە جیاجیاکانەوە بزانین ئاستەنگییەکانی سەربەخۆیی کوردستان چییە، پاشان کەمپینێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەنرا کە کار بۆ سەربەخۆیی دەکات و سود لەو بۆچوونانە وەردەگرێت کە لەو هەفتە ڕۆشنبیریەدا خرایە ڕوو، ئەم کەمپینە لە سلێمانی ڕاگەیەنرا و لەبەرنامەشدایە لە دەرفەتی گونجاودا لە هەولێر و شارە جیاجیاکانی تری کوردستان هەفتەی ڕۆشنبیری تر بسازێندرێت و چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام بدات.


بۆ لاپەڕە 2






## GfbVدەخوازی ناوچەدابڕاوەکان بۆ کوردستان بگێڕدرێنەوە

کۆمەڵەی پاراستنی گەلانی هەڕەشە لێکراو GfbV کە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییەو بارەگای سەرەکی لە وڵاتی ئەلمانیادایە لە ڕاگەیاندراوێک خواستوویەتی ئەو ناوچە دابڕاوانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن بۆ سەرهەرێمی کوردستان بگێڕدرێنەوە.

لقی کوردستانی کۆمەڵەی پاراستنی گەلانی هەڕەشەلێکراو ئاکامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقی لەبەرچاوگرتووە، بەوهۆیەوە داوای کردووە کە ناوچەدابڕاوەکان، ئەوانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەیان کوردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگێڕدرێنەوە.

کۆمەڵەکە پێیوایە ئەگەر ناوچە دابڕاوەکان نەگێڕدرێنەوە کێشەو گرفت و ڕووبەڕووبونەوەی نوێ لەنێوان کورد و عەرەبی ئەو ناوچانە سەر هەڵدەدات و عێراقیش دووچاری گرفتێکی گەورە دەبێتەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، بەتووندی لایەنەکان ئاگادار دەکەینەوە لەسەرهەڵدانی ڕووبەڕووبونەوەی نوێی نێوان کوردو عەرەب ، بۆیە پێویستە ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

کۆمەڵەی پاراستنی گەلانی هەڕەشەلێکراو کە تیلمان زولیش بەڕێوەی دەبات و بارەگەکەی لە شای گۆتنگنی وڵاتی ئەڵمانیادایە، یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە زۆر ڕاشکاوانە داکۆکی لەو گەلانە دەکات کە لە ژێر ستەمی دتیران دان. هەربۆیەش ڕامان و بۆچوونەکانیان لەنێوەندە نێودەوڵەتیەکان بە گرنگ وەردەگیرێن.

## پەرلەمانتارانی سوید داوای ئازادکردنی چالاکوانێکی کورد دەکەن

48 پەرلەمانتاری سویدی لە ڕێگەی نامەیەکەوە داوایان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە کە سزای لە سێدارەدان لەسەر فەرزادی کەمانگەر هەڵبگرێ.

بەهۆی ئەو هەڵمەتەی کە کۆمەڵەی مافە مرۆڤی کورد لە ئەوڕوپا پێی هەڵساوە، 48 پەرلەمانتاری کە ئەندامی پارتە سیاسیەکانی سویدن ئیمزایان لەسەر کەمپینێک کردووە لە ڕێگەی فاکسەوە بۆ نووسینگەی هاشمی شاهردوی سەرۆکی قوەی قەزائیەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەوانە کردووە.

لاش ئۆلێ سەرۆکی پارتی چەپ و یاکوب یۆهانسۆن ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سۆسیال دیموکرات و فریدریک مالم ئەندامی سەرکردایەتی پاتی گەل و ئامینە کاکە باوە ئەندامی پارتی چەپ لەگەڵ ئەو 48 کەسەن کە نامەکەیان ئیمزاکردووەو خوازیارن فەرزادی کەمانگەر ئیعدام نەکرێ.

## دەوڵەتی تورک دەخوازێ و ئەمریکا ڕەتی دەکاتەوە

لە هەلۆیستێکی چاوەڕوان نەکراودا دەوڵەتی تورکیا لە زاری عەلی باباجان وەزیری دەرەوە پێشنیاری بۆ ئەمریکا کرد کە لە کاتی کێشانەوەی هێزەکانی لە عێراق سود لە خاکی تورکیا وەربگرێ، بەڵام فەرماندە سەربازیەکانی سوپای ئەمریکا ئەوەیان ڕەتکردەوەو پێیانباشتربوو لە ڕێگەی ئەردەن و کوێت و سعودیە بگەڕێنەوە.

لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی هەفینگتۆن پۆست لە زاری بەرپرسانی ئەمریکاوە ئاشکرای کردووە کە ئەوان لە گەڕانەوەیاندا سود لە خاکی ئەردەن و سعودیەو کوێت وەردەگرن و ناخوازن بەنێو تورکیادا بگەڕێنەوە، نەوەک ئەنکارا دەرفەتەکە بقۆزێتەوەو دەستکەوتی زۆرتر بە دەست بهێنێ.

ئاژانسی هەواڵی ئاسوشیتدپرێس لە زاری تیری مۆر جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ کاروباری لۆجیستیکی ئاشکرای کردووە کە مارینز لە کاتی کشانەوەیدا سود لە خاکی ئەردەن وەردەگرێ.

## ڕۆژەڤ

مانگی ئازار بۆ گەلی کوردستان چەمکێکی تایبەتی هەیە، چونکە چەندین بۆنەو یادەوەری گرنگی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. 4 ی ئازاری 1991 زەنگی ڕاپەڕین لە ئۆردوگەی خەبات کە قەڵادزێیەکانی تێدا نیشتەجێ کرابوون، لێدرا، دواتریش لە 5ی ئازاری 1991 شاری ڕانیە دەروازەی بە ڕووی ڕاپەڕیوان کردەوە، شار بە شاری تەنیەوەوا لە کەرکوکیشدا تاجی ڕزگاری لەسەرنا. ئیدی ڕاپەڕین بۆتە ناسنامەی نەتەوەیەک کە بەدرێژایی چەندی سەدە ماف و ئازادی و سەرخۆبوونی لێ زەوت کرابوو، هەربۆیەش ساڵانە لەو ڕۆژەدا کوردستانیان یادی ڕاپەڕین دەکەنەوەو ڕێز لە شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی نیشتمان دەگرن.

8ی ئازار ڕۆژی جیهانی ژنان، خۆی لەخۆیدا ڕۆژێکی مێژوویی واتادارە، هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا ژنانی جیهان ڕێز لە خەباتگێرانی ڕێگەی یەکسانی دەگرن و یادی ئەو تێکۆشەرانە دەکەنەوە کە بە خوێنی سووری خۆیان ئەو مێژووەیان نەخشاندووە، وەک ڕۆژی هاوپشتی ناسراوە، بەڵام مخابن هێشتا ژنانی کوردستان لەنێو ترس و دڵەڕاوکێی دابونەریتەکانی کۆنەپارێزی کۆمەڵگەدا دەژین، بۆیە ئەرکێکی هەرە لەپێشی ئازادیخوازانی کوردستانە کە بۆ یەکسانی و وەکهەڤی تێبکۆشن، بۆ بنبڕکردنی ستەمی و نابەرابەری خەبات بکەن.

11ی ئازار ڕۆژێکی مێژووییە لە دیرۆکی گەلی کوردستان، چونکە لە 11-3-1970 ڕژێمی بەعس ناچار بوو کە ڕێککەوتنێک لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی باشووری کورستان مۆر بکات و دان بە مافەکانی نەتەوەیی کورد دابنێ، هەرچەندە دوای 4 ساڵ لێی پەشیمان بۆوە، بەڵام دیسانەوە وەک ڕۆژی سەرکەوتن پیۆانە دەکرێ، هەقی خۆیەتی یادی بکرێتەوە.

21ی ئازار، جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی نوێی کوردیە، ئێ جێژنێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، ناسنامەی نەتەوەکەمان بەرجەستە دەکات، نوێبوونەوەو بوژانەوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، بەوهۆیەوە لێمان دەخوازێ کە لێبڕاوانەو شێلگیرانە پێداگری لەسەر ماف و ئازادی و سەربەخۆیی خۆمان و نیشتمانەکەمان بکەین.

ئەمانەو چەندین بۆنەی دیکە کە جێگەی خۆیەتی یادیان بکرێتەوەو ڕێزیان لێبگیرێ و وەک دەستپێک و نۆژەنکردنەوەی خەبات پێوانەیان بۆ بکرێ.

مانگی ئازار و یادەکانی لەهەمووان پیرۆز بێ/

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.